السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خودایە، من خۆشم دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، وهەرکەسێک خۆشی دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودا بووم -صلى الله عليه وسلم- لە بازاڕێک لە بازاڕەکانی مەدینە، ڕۆیشت ومنیش ڕۆیشتم، فەرمووی: «لە کوێیە بچکۆلەکە -سێ جار-؛ بانگی حەسەنی کوڕی عەلی بکەن»، حەسەنی کوڕی عەلی هەستا وڕێی دەکرد وملوێنکەیەکی* لە ملدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی ئاوا لێکرد وحەسەنی کوڕی عەلیش دەستی ئاوا لێکرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باوەشی پێدا کرد وفەرمووی: «خودایە، من خۆشم دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، وهەرکەسێک خۆشی دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ»، وئەبو هورەیرە ووتی: هیچ کەسێک وەکو حەسەنی کوڕی عەلی لە لام خۆشەویست نەبوو، پاش ئەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی فەرمووو.
*(ملوێنکەیەک -السِّخَاب:سیخاب-: جۆرە ملوێنکەیەکە لە بۆنی قەرەنفول یان خەرز دروستدەکرێت، ئاڵتون وزیوی تێدا نییە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبی هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- لە بازاڕێک لە بازاڕەکانی مەدینە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆیشت وئەبو هورەیرەیش ڕۆیشت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ ماڵی فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- وپرسیاری کرد سەبارەت بە حەسەن -ڕەزای خوای لێبێت-، وفەرمووی: لە کوێیە بچکۆلەکە -سێ جار-؛ بانگی حەسەنی کوڕی عەلیم بکەن، حەسەنی کوڕی عەلی هەستا وڕێی دەکرد وملوێنکەیەکی* لە ملدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستی درێژ کردەوە بۆئەوەی باوەش بە حەسەندا بکات، وحەسەنیش دەستی درێژکردەوە بۆئەوەی باوەش بە پێغەمبەری خودا بکات -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خودایە، من خۆشم دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، وهەرکەسێک خۆشی دەوێت؛ تۆیش خۆشت بوێ، ئەبو هورەیرە ووتی: هیچ کەسێک وەکو حەسەنی کوڕی عەلی لە لام خۆشەویست نەبوو، پاش ئەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی فەرمووو. *(ملوێنکەیەک -السِّخَاب:سیخاب-: جۆرە ملوێنکەیەکە لە بۆنی قەرەنفول یان خەرز دروستدەکرێت، ئاڵتون وزیوی تێدا نییە)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11171

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee